ئەی حەکیم، ئەم سامانە خۆشەویست و بەچێژە

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (ماڵ وسامانم) داوا کرد لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی بەخشیم، پاشان هەر داوام لێکرد؛ ئەویش هەر پێی بەخشیم، پاشان پێی فەرموو: «ئەی حەکیم، ئەم سامانە خۆشەویست و بەچێژە، هەرکەسێک بە سەخاتەوە بیبات ئەوا بەرەکەتی پێدەبەخشرێت تێیدا، وەهەرکەسێک بە چاو برسییەوە بیبات ئەوا بەرەکەتی پێنابەخشرێت، وەکو ئەو کەسە وایە هەر دەخوات وتێر نابێت، وئەو دەستەی لە سەرەوەیە (دەبەخشێت) خێرترە لەو دەستەی لە ژێرەوەیە (وەردەگرێت)»، حەکیم ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، سوێند بە ئەوەی تۆی ناردووە بە هەق، من هەرگیز لە پاش تۆ هیچ شتێک لە کەس وەرناگرم هەتاوەکو ئەم دونیایە جێدەهێڵم، ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- (لە ماوەی خیلافەتەکەیدا) بانگی حەکیمی دەکرد بۆئەوەی بەشی خۆی پێببەخشێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە کە وەری بگرێت، وپاشان عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- (لە ماوەی خیلافەتەکەیدا) بانگی حەکیمی دەکرد بۆئەوەی بەشی خۆی پێببەخشێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە کە وەری بگرێت. پاشان (عومەر) ووتی: ئەی مسوڵمانان، ئێوە شاهێد بن لەسەر حەکیم من بەشی خۆی پێدەدەم لەم دەستکەوتە کە خودا پێی بەخشیووە بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە کە وەرێبگرێت، بۆیە حەکیم لە پاش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێکی لە هیچ کەسێک وەرنەدەگرت هەتا کۆچی دوایی کرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

حەکیمی کوڕی حیزام -ڕەزای خودای لێبێت- داوای شتومەکی دونیایی کرد لە پێغەمبەری خودا؛ ئەویش پێی بەخشی، پاشان هەر داوای لێیکرد؛ ئەویش هەر پێی بەخشی، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەی حەکیم، ئەم پارە وسامانە بەچێژە ونەفس ئارەزووی دەکات، هەرکەسێک پێی ببەخشرێت بە بێ داواکردن وبە بێ چڵێسی نەفس وبێ ڕووگیری؛ ئەوا بەرەکەتی پێدەبەخشرێت تێیدا، وەهەرکەسێک بە چاوبزی نەفس وتەماحەوە بیبات؛ ئەوا بەرەکەتی پێنابەخشرێت تێیدا، وەکو ئەو کەسە وایە هەر دەخوات وتێر نابێت، وئەو دەستەی لە سەرەوەیە ودەبەخشێت خێرترە لە لای خوای گەورە لەو دەستەی لە ژێرەوەیە وداوا دەکات، حەکیم ووتی: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، سوێند بە ئەوەی تۆی ناردووە بە هەق، من هەرگیز لە پاش تۆ هیچ شتێک لە پارە وسامانی خەڵکی کەم ناکەمەوە بە داواکردن لێیان هەتاوەکو ئەم دونیایە جێدەهێڵم. خەلیفەی -جێنشینی- پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- لە ماوەی خیلافەتەکەیدا بانگی حەکیمی دەکرد بۆئەوەی بەشی خۆی پێببەخشێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە کە هیچ شتێك قبوڵ بکات، پاشان پێشەوای ئیمانداران عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- لە ماوەی خیلافەتەکەیدا بانگی حەکیمی دەکرد بۆئەوەی بەشی خۆی پێببەخشێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە کە قبوڵی بکات. پاشان عومەر ووتی: ئەی مسوڵمانان، ئێوە شاهێد بن لەسەر حەکیم من هەقی خۆی پێدەدەم لەم دەستکەوتەی خودا پێی بەخشیووە کە مسوڵمانان بەدەستی دەهێنن لە کافرەکانەوە بە بێ جەنگ وبە بێ جیهاد؛ بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە کە وەرێبگرێت، بۆیە حەکیم لە پاش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پارە وسامانی لە هیچ یەکێك کەم نەدەکردەوە بە داوا کردن لێی هەتا کۆچی دوایی کرد.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee